
# ئەستێرەکانی هۆلیوود




# بروس ویلس

ئا: بەختیار سەعید

بروس وێڵس یاخود ویلتەر بروس وێڵس ئەو ئەستێرەیەیە کە بۆ بەشداریکردنی لە فیلمێکدا چەندین ملیۆن دۆلاری پێدەبەخشرێت و لەیەک کاتدا ئەکتەری فیلمەکانی ئەکشن و کۆمیدی و درامییە.

بروس بەڕەگەز ئەڵمانییەو لە شاری (Idar-Operstein) 1955/3/19 لەدایکبووەو تەنها دوو ساڵ لەو شارەدا ماوەتەوە، چونکە خێزانەکەیان بەمەبەستی نیشتەجێبوون ڕوودەکەنە ئەمریکاو لەشاری نیوجێرسی دەگیرسێنەوەو هەر لەو شارەدا قۆناغی دواناوەندی تەواو دەکات.

بڕۆس لەقۆناغی دواناوەندیدا بەشداری ئەو نمایشە شانۆییانەی کردووە کە لە قوتابخانەدا پێشکەش دەکران و سەرکەوتنێکی باڵاشی بەدەستهێنابوو، بەڵام بژێوی ژیان هێرش دێنێت و ناتوانێت زانکۆ تەواو بکات بەڵکو گەڕان بەدووی کاری گونجاوداو لەو نێوەندەدا چەندین کاری جیاوازی کردووە کەدواترینیان لە ساڵی1985دا بوو، بووە شاگرد لە یانەیەکی خواردنەوەدا کە لەوەێدا دەرهێنەرێکی ناودار دەبینێت و بانگهێشتی دەکات بۆ بەشداریکردن لەزنجیرەی تەلەفزیۆنیی (تیشکی مانگ)دا.

بروس لە نمایشکردنی لەم زنجیرەیەدا چەند خەڵاتێکی پێدەبەخشرێت و لەودەمەوە بواری سینەمای بۆ ئاوەڵا دەبێت و لەچەندین فیلمی سەرکەوتوودا بەشداری دەکات لەوانە فیلمی (Die Hard) کە لە سێ بەش پیکهاتووە، بەشی یەکەمی لە ساڵی 1988دا نمایشکراوەو بەشی سێیەم لە ساڵی 1995دا، ئەوەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی نیوبانگیکی جیهانیی.

بروس لە چەندین فیلمی سەرکەوتووی تردا بەشداری کردووە لەوانە فیلمەکانی (Color of night) کە ڕۆڵی پزیشکێکی دەروونی دەگێڕێت، هەروەها فیلمی (12 پیاو)، لەم فیلمەدا ڕۆڵی پیاوی دواڕۆژ دەگێڕێت و دەیەوێت جیهان لەو ڤایرۆسە بپارێزێت کە 12 پیاو بڵاویان کرۆدتەوە، هەروەها فیلمی (ڕێوی) و فیلمی (هەستی شەشەم) کە تیایدا ڕۆڵێ پزیشکێکی دەروونیی منداڵان دەگێڕێت، دەیەوێت یارمەتی منداڵێک بدات کە لەو بڕوایەدایە دەتوانێت مردووان ببینێت، ئەمەش ئەمە بە یەکێك لە جوانترین فیلمەکانی بروس دەژمێردرێت.



بروس لە ساڵی 1987دا خێزانی لەگەڵ ژنە ئەکتەری ناوداری ئەمریکي (دێمی مۆر) پێکهێناو ساڵی 1998 لێك جیابوونەتەوەو خاوەنی سێ کچن کە ئێستا لە ئامێزی دایکیاندان.